گەنجێک لە دهۆک بەهۆی ڕەخنەیەک لە گرتە ڤیدیۆیەکدا لە خوێندنی ماستەر بەبێشکرا و دەستگیرکرا

"بەهۆی دوو ڕۆژ ئامادەنەبوونی لە زانکۆ لە خوێندنی ماستەر بەبێشکرا".

ئاراس حسێن، کە خوێندکاری ماستەربوو لە بەشی زانستە سیاسیەکان هەروەها کاری ڕۆژنامەوانی دەکات، دوای ئەوەی بەهۆی دوو ڕۆژ نەچوونی بە زانکۆ بەیاری دوورخستنەوەی درابوو، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا ڕەخنەی لەو بەیارەی سەرکایەتی زانکۆ گرتبوو، بەهۆی ئەو ئەستا دەستگیرکراوە.

ئاراس لە گرتەڤیدیۆییەکەدا باسی لەوەکردبوو، کە بەیاری دەرکردنی لە زانکۆ سیاسیە و لەلایەن حزبەوە دەرچووە، بەو پێیەی سەرکی زانکۆ پارتیە.

بە وتەی ئارام حسێن، برای ئاراس حسێن، ئەمڕۆ براکەی بە وەرگرتنی وتە لەسەر ئەو گرتە ڤیدیۆییە چووەتە بنکەی پۆلیس و دواتریش نەردراوە بە دادگا، بەڵام لەو بەیاری دەستگیرکردنی دراوە و لە ئەستا لە گرتووخانەی دهۆک ڕاگیراوە و ڕەگەش نادرێت بە کەفالەت ئازادبکرێت، چونکە کەیسەکەی بە سیاسی کراوە.